# بنەما و تایبەتمەندییەکانی شیعری منداڵان

**هێرۆ عەبدولڕەحمان مستەفا[1]- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا[2]**

[1]بەشی خاک و ئاو، کۆلێژی زانستە ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

[2]بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پوختە:**

شـــیعری منداڵان پانتایەکی فراوانی نێو شـیعر و ئەدەبیاتی میللەتان و بەتایبەت سـەردەمی نوێیە، کە دەڵێین نوێ: مەبەستمان سەدەی بیستەم و تائێسـتایە، لەناو نەتەوەی کورد شـیعری منداڵان مێژویەکی دیاریکراوی هەیە، وەکو ئەو لایلایـانەی کە دایکان بۆ ژیرکردنەوەو ئارامکردنەوەی منداڵان دەیانوت. لەو کاتانەی منداڵان هاتنە نێو گرنگیدانی شــاعیران و ئەدیبان و ئیدی جۆرێک لە شـــیعر بەشـێواز و بیر و زمان و سـۆزێکی تایبەت نوسـرا، شـــیعری منداڵان دەبێت بەزمانێکی پوخت و ڕون بنوسـرێت تاوەکو ئەو ئامانجەی کە نوسـەر مەبەسـتییەتی بتوانێت بیگەیەنێت. ئێمە هەمومان دەزانین زمان بەگرنگترین هۆکار دادەنرێت لەژیانی مرۆڤدا، چونکە تاکە ڕێگایە کە بەهۆیەوە مرۆڤ لە ئێسـتادا دەتوانێت لەداهاتو و ڕابردو بدوێت، بیریش خۆی لەڕێگەی ئەو وشـەو زاراوانە دەگاتە خوێنەر، کە شـاعیر یان نوسـەر لە نوسـینی بەرهەمەکانی بەکاریدەهێنێت. شاعیر لە داڕشتنی شیعری منداڵاندا خەیاڵێکی فراوان بەکاردەهێنێت، چونکە منداڵ زیاتر ئارەزووی شتی خەیاڵی دەکات. دوای ئەوە چەندین گۆڤاری تایبەت بۆ منداڵان تەرخانکران و چەندین نـامیلکە و کتێبی تـایبەت شـــیعری منـداڵانیـان لەخۆگرت.

کەواتـە شـــیعـری مـنـداڵان چـیـیە؟ تایبەتمەندییەکانی چین؟ بەچی لە شـیعری گەوران جیـادەبێتەوە؟ بنەمـا ئەدەبییەکـانی ئەو شـــیعرە کامانەیە؟ ئەمانە لەم لێکۆڵینەوەیە وەڵام دەدەینەوە.

**کلیلە وشـەکان:** شـیعر، منداڵ، شـیعری منداڵان، بنەمایەکانی شیعر.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20
**Received:** 20-December-2021
**Accepted:** 18-January-2022
**Published:** 29-September-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
Herochalabi@gmail.com
Idrees.kurdish@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

## پێشەکی:

شیعر گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە و کار لە دڵ و دەرونمان دەکات و دەمانوروژێنێت، شیعری منداڵانیش بە هەمان شێوەی شیعری گەوران بەشێکە لەئەدەب و، گرنگی و بەهای تایبەتی خۆی هەیە لە ژیانی منداڵان، ڕێگەیەکە بۆ پەروەردەکردنی منداڵان، تاکو ببێتە تاکێکی سەرکەوتو لەداهاتودا، منداڵ خۆی بەردی بناغەی کۆمەڵگایە و دەبێت بایەخێکی تایبەتی پێبدرێت لەڕوی کۆمەڵایەتی و جەستەی و دەرونی...هتد. تاکو زیاتر گرنگی بەپەروەردەکردنی منداڵ بدرێت، کە دەبێتە هۆی دروستبونی کۆمەڵگایەکی تەندروست.

شیعری منداڵان دەبێت بە شێوازێکی سادە و ڕەونەقدار بنوسرێت و ڕەچاوی قۆناغەکانی ژیانی منداڵ بکرێت، شیعری منداڵان لەناو ئێمەی کورد کەم گرنگی پێدراوە و بەبەراوردکردن بەشیعری گەوران. لەم توێژینەوەدا ئێمە هەوڵمان داوە تیشک بخەینە سەر شیعری منداڵان و گرنگی وتایبەتمەندییەکانی ڕونبکەینەوە و ئەو ڕێبازەی کە لەم توێژینەوەیە بەکارمانهێناوە ڕێبازی وەسفی شیکارییە. ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە:

بەشی یەکەم بە ناونیشانی پێناسە و پێوەرەکانی شیعری منداڵان و لە سێ تەوەر پێکهاتوە، تەوەری یەکەم بەناونیشانی شیعری منداڵان و تەوەری دوەمیش بە ناونیشانی پێوەرەکانی شیعری منداڵان و لە تەوەری سێیەمیشدا جیاوازی لە نێوان شیعری منداڵان و شیعری گەوران خراوەتەڕو.

بەشی دوەم بەناونیشانی بنەما پێکهێنەرەکانی شیعرە و لە شەش تەوەر پێکهاتوە و بە ناونیشانی (فۆرم، زمان، خەیاڵ، سۆز، حەماسەت، بیر). لەکۆتایشدا بەچەند خاڵێک ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکە پێیگەیشتوین خراونەتەڕو لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی لە توێژینەوەکەدا سودیان لێوەرگیراوە. لە کۆتایشدا کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم: پێناسە و پێوەرەکانی شیعری منداڵان

### تەوەری یەکەم: شیعری منداڵان

شیعر بەشێکە لە بەشەکانی ئەدەب، ناسکترین هونەرە، چێژ و خۆشی بەدڵ و دەرونی مرۆڤ دەبەخشێت و دەیوروژێنێ و مێژویەکی دیاریکراوی هەیە. هەر لەکۆنەوە مرۆڤ لەڕێگەی شیعرەوە گوزارشتی لەخۆشی و ناخۆشییەکانی خۆی کردوە. وەکو چەکێکی بەرگری و کاریگەر لەژیانی خۆیدا بەکاریهێناوە. شیعر وەکو خۆراک وایە بۆ دڵ و دەرونی مرۆڤ. دواجار ((شیعر شێوەیەکی تایبەتی نوسینە، جیاوازە لە ئاخاوتنی گشتی، قسە لەگەڵ دڵ و مێشک دەکات، شتی تایبەت دەڵێت بەباشی دێتە بەرگوێمان، بەچەند وشەیەکی کەم زۆر شت دەدرکێنێ))(Oliver, 2001, p 144).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

شیعر خەیاڵمان فراوانتر دەکات و دیدەی شارستانیمان فراوانتر دەکات، شیعری منداڵان هاوشێوەی شیعری گەوران خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە منداڵیش وەکو گەورەکان خاوەن هەست و سۆز و کەسایەتی تایبەتی خۆیانن.

زۆربەی شیعری منداڵان لەلایەن گەورەکانەوە دەنوسرێت بۆ منداڵان، هەندێک جار منداڵ خۆی ئەو بەهرەی تێدایە، کە شیعر بنوسێت ((شیعری منداڵان، بەشێکی زۆر گرنگە لەئەدەبی منداڵاندا، نزیکترین هونەرە لەدڵ و دەرونیانەوە، کاریگەریەکی گرنگی هەیە لەسەر ژیانی ئەمڕۆ و داهاتویان، هەمو منداڵێک لەناخیدا هەستێکی شاعیرانەی ناسکی هەیە. دەتوانێت بەجوانی وێنەی هەمو ئەو شتانەی دەوروبەری لەناخیدا بکێشێت)) (شوان، ٢٠١٥، ل٢٣٩).

شیعری منداڵان کاتێکی خۆش بۆ منداڵان دەستەبەر دەکات کە خوێنەری شیعرن، چونکە خوێندنەوەی شیعر چێژ و خرۆش بە منداڵەکە دەبەخشێت و چوست و چالاکیشی دەکات، دەربارەی ئەو دیاردانەی کە لە دەوروبەری ڕودەدەن یان هەن لە لایەکی ترەوە ((شیعری منداڵان جگە لەوەی پێداویستییە سۆز و جەستەیەکانی منداڵان جێبەجێدەکات، هەروەها یارمەتیدەریشە بۆ گەشەی عەقڵ و ئەدەب و دەرون و ڕەوشت و لایەنی کۆمەڵایەتی منداڵان)) (شحاتە، ١٩٩٤، ل٢٥).

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت شیعر دەبێتە هۆی گەشەکردنی عەقڵی منداڵ ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێک بۆئەوەی منداڵ توانای لە چارەسەرکردنی هەمو ئەو ڕوداوانەی کە لە دەوروبەریەوە ڕودەدەن هەبێت. هەروەها شیعری منداڵان ((گەشە بەخەیاڵی منداڵان دەدات و ویژدان و سۆزیان بەئاگادێنێت و هەروەها بەها ئاینییەکان و بنەما ڕەوشتیەکانیان تێدا دەچێنێت و هەروەها ئارەزوە ئەدەبیەکانیان پەرەپێدەدات، بەرەو خوێندنەوە و چێژوەرگرتن لە جوانی و زمانەوانی و، خوێندنەوەیەکی گوزارشتکراو بۆ سۆز و هەڵچونەکانیان، ئەمە جگەلە پێشکەشکردنێکی باش و نواندنی باشی مانایەکان و پەخشکردنی ڕوحی ئاینی و نەتەوایەتی لە ناخی منداڵان)) (شحاتة، ١٩٩٤، ل٢١٢).

شیعری منداڵان دەبێت ببێتە هۆی پەروەردەکردنی منداڵان و تیشک بخاتە سەر لایەنەکانی ژیانی منداڵ و بەها جوانەکانی ژیانی تێدا بدۆزێتەوەو وێنەیەکی هونەری پێشکەش بە منداڵ بکات و چێژێکی زۆر لە دڵ و دەرونی منداڵ بچێنێ. لەڕێگەی شیعرەوە منداڵ لەدونیایەکی خەیاڵاویدا دەژیت و جیهانێک بۆ خۆی دروست دەکات، کە خەون و ئارەزوەکانی خۆی تێدا دەستەبەر بکات، کەواتە ((شیعری منداڵان ڕەنگێکە لەڕەنگەکانی ئەدەب، منداڵ لە ڕێگەی شیعرەوە خۆی دەبینێت، کە لەئاسمانی خەیاڵدا دەفرێت و لەڕێی ڕابردو شوێن و زەمەن تێدەپەڕێنێت و هەوەها لەڕێی داهاتووەوە هیچ کۆت و زنجیرێک لەسەر بابەت و بیرۆکە و ماناو خەیاڵەکانی نییە)) (شحاتە، ١٩٩٤، ل٢١).

شیعری منداڵان مێژویەکی دیاریکراوی هەیە لەناو کوردان هەر لەکۆنەوە دایکان لەبەردەم بێشکەکانیان لایلایە و گۆرانیان بۆ منداڵەکانیان وتوە، دەماودەم ماونەتەوە تاکو ئێستاش، شاعیرانی کورد بۆ نوسینی شیعری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

منداڵان سوديیان ((لەئەزمونی نەتەوەكانی دەوروبەر وەرگرتوە، بەڵام دەتوانین كردنەوەی قوتابخانە فەرمییەكانی دەوڵەت لە كوردستان بەهۆكاری سەرەكی پێشكەوتنی شیعری منداڵان دابنێین، بەوەی كە زۆربەی شاعیرانی ئەوساكەمان ئاستی زانست و ڕۆشنبیری و هۆشیارییان لەكەسانی دیكە بەرزتربوە و ئەوان بە پەرۆشتر پێشوازیان لە قوتابخانە كردوە، كە قوتابی یاخود منداڵ یەكێكە لە كۆڵەكە سەرەكییەكانی قوتابخانە و پرۆسەی پەروەردە، جگە لەوەی زۆرجاریش شاعیرەكان خۆیان مامۆستابون و لەنزیكەوە پەیوەندییان بەمنداڵانەوە هەبوە))(فەرهادی، ٢٠١٣، ل٨٦)

## تەوەری دوەم: پێوەرەكانی شیعری منداڵان

لەسەرچاوەو توێژینەوەكانی تایبەت بەئەدەبی منداڵان چەند پێوەرێك باسكراون و دیاریكراون، كە پێویستە لە شیعری منداڵان بونیان هەبێت، كە بریتین لەمانە:

١- ئەو شیعرانەی كە بۆ منداڵ دەنوسرێت دەبێت هەڵگری پەیامێكی پەروەردەیی بن، تاوەكو منداڵ لە ڕێگەی چەوت دوربخاتەوەو بیخاتە سەر ڕێگەیەكی ڕاست و دروست، دەبێت ((شیعرێك پێشكەشی منداڵ بكەین خاوەن مەبەست و مانابێت تا جوڵە بەعەقڵ و ویژدان و سۆزیان بكات و، هەڵگری ئەو بەها پەروەردەییانە بێت، كە وەك پێوەرێكی كۆمەڵایەتی حوكمی پێ لەسەر هەڵوێستەكان و ڕوداوەكان و كەسەكان زیاددەكات گەشە بەلایەنی ڕەوشتی خوازراو دەدات))(شحاتە، ١٩٩٤، ل٢٣).

دەبێت دەقە شیعرییەكان گوزارشت لەو ئەزمونانە بكەن كە منداڵ لەژیانیدا پێیدا تێپەربوەو زانیاری پێویست پێشكەش بەمنداڵ بكات وەك چۆنیەتی خۆشویستنی دایك و باوك و هاوڕێ و ...هتد ڕێزگرتنیان و بەها ئاینییەكان و گیانی نەتەوایەتی لەدڵ و دەرونی منداڵ بچێنێت.

٢-منداڵ ئارەزوی دوبارەبونەوەی مۆسیقا (ئیقاع) دەكەن، چونكە ((ڕۆڵێكی سەرەكی لەژیانی منداڵ دەبینێت، كە جوڵەیان ئاسان دەكات و هێزیان پێدەبەخشێت و توانای بەرهەمهێنانیان زیاددەكات، هەمو توانا ماسولكەكانیان بۆ پاشەكەوت دەكات و خۆشی لە كارەكانی ڕۆژانەیان بڵاودەكاتەوە و دەبێتە هۆی گەشەكردنی بەئاگایی هەست و شعوریان، ئیقاعی شیعری لەپێوانە و كێش و وشەكان بە دەردەكەوێت، بۆیە ئەگەر شیعرەكە ستونی بێت باشترە لای منداڵ لەشیعری ئازاد تا منداڵ بتوانێت وشە مەبەستدارەكان بڵێتەوە، هەروەها ئاواز لەشیعردا دوبارە بكاتەوە)) (شحاتە، ١٩٩٤، ل٢٥). لە هەمان كاتدا دەبێت شیعرەكە خاوەن مۆسیقایەكی كاریگەر و ناسك بێت تاوەكو منداڵ بتوانێت بە ئاسانی لەبەری بكات.

٣-شیعری منداڵ دەبێت لەگەڵ ئاستەكانی گەشەكردنی قۆناغی منداڵ گونجاوبێت، چونكە هەر قۆناغێك لە قۆناغەكانی تەمەنی منداڵی دەبێت جۆرێكی تایبەت لە شیعری بۆ بنوسرێت گوزارشت لە پێداویستیەكان و حەزو ئارەزوەكانی ئەو تەمەن یان ئەو قۆناغە بكات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

٤-دەبێت شیعری منداڵ ڕستەکانی کورت و پوخت بن، منداڵ ئارەزوی درێژدادری ناکات ((منداڵ ڕستە و ئەنجامی خێرای دەوێت چونکە منداڵ ئارامی کەمە، و بەرگەی خاوی ناگرێت، هەروەها منداڵ دەیەوێت پێکهاتەکانی ڕستە ئاشکرابن، چونکە منداڵ زۆر هەوڵ نادات تا ئەنجام بدۆزێتەوە، وا بە باش دەزانێت لە زۆربەی کاتەکان ئەنجامەکان بە ئامادەکراوە وەربگرێت)) (الهیتی، ١٩٧٧، ل٩٨-٩٩).

٥-ئەو وێنانەی کە لە شیعری منداڵان بەکاردێت دەبێت ((ئەو وێنانە تێکەڵ بەشیعرەکان بکرێن کە لە دەوروبەری جیهانی منداڵان چنگ دەکەون)) (احمد، ٢٠٠٦، ل٣٤).

٦-شیعری منداڵان دەبێت بە زمانێکی سانا و پاراو بنوسرێت، دوربێت لە وشە و زاراوەی تەمومژاوی، واتە منداڵەکە لە کاتی خوێندنەوە بە ئاسانی لە مەبەست و مانایەکە بگات، نەک وشە و زاراوەکان وا لە منداڵەکە بکات و ڕاوەستێت و بیر لە واتایەکانی بکاتەوە، واتە وشە و زاراوەکان نەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم تێگەیشتنی منداڵەکە ((چونکە زۆرجار ئەو ڕاوەستانانە چێژ و خۆشی لای منداڵ ناهێڵێت، هەروەها لەوانەیە ئەو بیرۆکانەی لەبیرببانەوە کە دەمانەوێت لە پێش هزر و خەیاڵدا ڕون بێت))(الهیتی، ١٩٧٧، ل٩٩)، وشە و زاراوە بەکارهاتوەکان دەبێت لە فەرهەنگی زمانەوانی منداڵەکە هەڵبژێردرێت، کە ڕۆژانە بەکاریاندەهێنێت، کەواتە ((نوسەر دەبێت وشەی ئاسان و ئاشکراو ئەو ڕستانەی بە بێکۆد مانا دەگەیەنن هەڵبژێرێت))(عبد الهادی، ٢٠٠٦، ل٩١).

٧-ئەو بیروڕایانەی لە شیعری منداڵان دەخرێنەڕو پەیوەستبن بە ژیانی ڕۆژانەی منداڵ ((دەبێت هەر پارچە شیعرێک بیرۆکەیەک یان لایەنێک لە لایەنەکانی جوانکاری لە ژیان و سروشت بخاتەڕو))(شحاتە، ١٩٩٤، ل٢٤٨).

هەر برگەیەک هەڵگری برۆکەیەک بێت، زانیاری دەربارەی دەوروبەری بە منداڵ ببەخشێت وەکو دەربارەی ڕوەک و گیانداران و سروشت و... هتد.

٨-نابێت ئەو بابەتانە لە شیعری منداڵان بخرێتەڕو کە باسی ناخۆشی و گریان و... هتد دەکات، واتە دەقێکی گەشبین و خۆش پێشکەش بە منداڵ بکرێت ((ڕوحێکی سوک و پڕ خۆشی و شادی بخرێتە ناو ناوەڕۆکی دەقی نوسراو جگەلەوەش بانگەشە بکرێت بۆ بەکارهێنانی عەقل و ڕەخنە و بیرکردنەوە، ئەوەی دەبێتە مایەی هەڵچونی خەیاڵە بچوکەکان)) (عبدالفتاح، ٢٠٠٠، ل١١٧).

٩-شیعری منداڵ دەبێت ((لایەنی ئەرێنی و ڕوحی داهێنان و ڕوبەڕوبونەوەی هەڵوێست و چارەسەرکردنی کێشەکان لە منداڵ گەشەپێبکات)) (شحاتە، ١٩٩٤، ل٢٤٨).

١٠-بەکارهێنانی هونەرە ڕەوانبێژییەکان بەڵام بەشێوەیەکی هونەری وا بەکاربهێنرێت نەبێتە هۆی سەرلێشێواندنی منداڵ ((دورکەوتنەوە لە ئاڵۆزکردنی هونەری و ڕەوانبێژی لە بنیاتنانی ڕستە یان کێشانی وێنەی شیعری یان ئاڵۆزکردنی درامای جۆراوجۆر)) (زلط، ٢٠٠٥، ل٢١) واتە هونەرەکانی ڕەوانبێژی نەبێتە هۆی بەربەست کە نەتوانی چێژو زانیاری لە شیعرەکە وەرگرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

## تەوەرەی سێیەم: جیاوازی نێوان شیعری منداڵان و شیعری گەوران

جیاوازی لەنێوان شیعری منداڵان و شیعری گەوران هەیە لەڕوی زمان و شێواز و هەڵبژاردنی بابەت و...هتد ئێمە لە چەند خاڵێک ئەم جیاوازییانە دەخەینەرو:

١-ئەو شیعرانەی بۆ منداڵان دەنوسرێت دەبێت داڕشتنەکەی و شێوازەکەی زیاتر سادە و ساکار بێت دوربێت لە وشە و زاراوەی تەمومژاوی و هەڵگری فرەواتایی، بەڵام ئەو شیعرەی کە بۆ گەوران دەنوسرێت، ئاساییە بە شێوازێکی ئەدەبی بەرز بنوسرێت و وشە و زاراوەی تەمومژاوی و هەڵگری فرەواتایە تێدا بەرجەستە بکرێت.

٢-ئامانجی خوێندنەوەی شیعر لای منداڵ بۆ فێربون وچێژ وەرگرتنە، بەڵام بۆ گەورەکان بۆ فراوانکردنی هزرو بەرەو پێشچونی ڕوانینە، چونکە گەورەکان ڕۆژانە بەدەیان کێشە و گیروگرفتیان توش دەبێت، هەوڵدەدەن لەڕێگەی خوێندنەوەی شیعر بەرەو جیهانێکی تر هەنگاو بنێن و لەو جیهانەی کە تێیدا دەژین دوربکەونەوە.

٣-ئەو بیروبۆچونانەی لە شیعری منداڵان دەخرێنەڕو، دەبێت ئامانجێکی پەروەردەیی لەپاڵبێت، ببێتە هۆیەک بۆ فێربون و پەروەردەکردنی منداڵ، ئاراستەکردنی بەرەو ڕێگەیەکی ڕاست، هەروەها ((بابەتی شیعری منداڵان بۆ بەهێزکردن و بیرو خزمەت بەحەزو خولیاو ئاڕاستەکردنی بۆ بەهێزکردنی بەها ڕەوشتییەکانی دەکات)) (سالح، ٢٠٢١، ل٤٥) بەڵام ئەو بیروبۆچونانەی لە شیعری گەورەکان باس دەکرێت ئاساییە لە دەوری خۆشەویستی نێوان دو ڕەگەزی جیاواز و گێڕانەوەی مێژو...هتد بخولێتەوە.

٤-لە شیعری منداڵان نابێت ئەو بابەتانە باس بکرێت، کە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و دڵ توندی و گریان و ...هتد لای منداڵ، دەبێت بابەتەکان ببێتە هۆی دڵخۆش کردنی منداڵ، بەڵام ئەو شیعرانەی کە بۆ گەورەکان دەنوسرێت سنور و مەرج بۆ بابەتەکان دیارینەکراوە، دەتوانرێت هەمو جۆرە بابەتێکی ڕەنگاوڕەنگ وەکو شیوەن و گریان و خۆشی...هتد باس بکرێت.

٥-زۆر ئاساییە ئەو شیعرەی بۆ گەوران دەنوسرێت شیعرێکی دورودرێژبێت، بەڵام ئەو شیعرەی کە بۆ منداڵان دەنوسرێن دەبێت پوخت و کورت بن، چونکە منداڵ ئارەزوی درێژدادڕی ناکەن و زو بێزار دەبن لە خوێندنەوەی شیعرێکی دورو درێژ.

٦-منداڵ ئارەزوی بابەت و بیروبۆچونی خەیاڵی دەکات کە لە شیعرەکان باس دەکرێن، بەڵام گەورەکان زیاتر حەز لە بابەتی واقیعی دەکەن.

٧-زمانی شیعری منداڵان کورت و پوخت و ڕونە، بەڵام شیعری گەوران پڕە لە بەلاغەت و شێوازی ڕەنگاوڕەنگ.

٨-بابەتەکانی شیعری منداڵان دەبێت ئێستای منداڵان دەوڵەمەند بکات و بۆ ئایندەش پەروەردەیان بکات واتە ئەو بابەتانەیان فێربکات کە پەروەردەیین، بەڵام بابەتەکانی شیعری گەوران زیاتر هەمەجۆرن و چەندین بابەتی جۆراوجۆر وەکو دڵداری و سۆفیگەری وسیاسی...هتد دەکرێتەوە و زیاتر بۆ چێژوخۆشی وهەست دەربڕین وگوزارشت کردنە لە بیروبۆچونی شاعیر.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

٩-کێشی شیعری منداڵان ئەگەر حەوت بڕگە بێت یان هەشت بڕگە بێت، کێشێکی گونجاو و خۆش دەردەچێت بۆ منداڵان، چونکە منداڵ هەناسەی کورتە و لەبەرکردنی ئاسانە، بەڵام کێشی شیعری گەوران چەند کلاسیکی و درێژبێت هەر ئاساییە.

## بەشی دووەم: بنەما بەرهەمهێنەرەکانی شیعر

### تەوەری یەکەم:فۆرم

فۆرم دیوی دەرەوەی بەرهەمی ئەدەبیە، یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی دەقی ئەدەبی، فۆرم و ناوەڕۆک دوانەی لێکدانەبراون، بەیەکەوە گرێ دراون. ((فۆرمیش ئەو چوارچێوە یاخود ئێتارەیەکە وشە کۆدەکاتەوە و دەبێتە قاڵبێک بۆ نمایشکردنی ئەو وشانەی کە سەرەنجام بە هەڵگری مانایەکی جوانەوە بە شیعر ناوزەد دەکرێت))(کەسنەزانی، ٢٠٠٧، ل٣٣).

فۆرم و ناوەڕۆک دوانەی لە یەک دانەبراون، دو پێکهێنەری سەرەکی شیعرن لە یەکترجیانابنەوە، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی هەرچەندە ناوەڕۆکێکی بەرزی هەبێت، بەڵام فۆرمەکەی لاواز بێت ئەوا دەقەکە کاریگەریەکی بەهێز و سەرنجڕاکێشی لەسەر خوێنەری نابێت، بەپێچەوانەوەش دروستە. ((دۆزینەوەی فۆرمێکی گونجاو بۆ ناوەرۆکی بەرهەمێکی هونەری، پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز و درێژخایانە و هونەرمەند لە ئەزمونێکی ئاڵۆز و چڕدا، دوای ئەوەی کارامەیی و وەستایەتی پەیدادەکات، دەتوانێ شێوەی گونجاو بۆ ناوەرۆکی بەرهەمەکانی بدۆزێتەوە))(محمد، ٢٠١٠، ل٢٧). ناوەرۆک و شێوە لەناویەکدا دەتوێنەوە.

کێش و سەرواش بنەمایەکی سەرەکین لە دیاریکردنی فۆرمی شیعردا، پەیکەری شیعر پێکدەهێنن. شێوەی شیعریش بەگوێرەی قۆناغەکانی گۆرانی بەسەردا هاتوە ((هەر قۆناغێک تاقیکردنەوەیەکی نوێیە و هەرگیز شێوە یاخود زمانێکی کۆن ناتوانێت تەعبیر لە تاقیکردنەوەیەکی نوێ بکات لەبەرئەمە دەبێت شاعیر هەوڵ بدات زمانێکی نوێ، ڕوخسارێکی نوێ قاڵبە شیعرێکی نوێ بدۆزێتەوە. جێگەی خۆی لەڕیزی شاعیرەکانی سەردەمەکەی خۆیدا بکاتەوە و بگرە هەوڵیش بدات لەوانیش تێپەری و خاوەن دەنگ و تاقیکردنەوەی خۆی بێت))(ئاشنا، ٢٠٠٧، ل٧٨).

فۆرم دەبێت مۆسیقایەکی جوان و بە چێژ ببەخشێت تاوەکو لەم ڕێگەیەوە لەبەرکردنی بۆ منداڵ ئاسان بێت، شیعرەکە کاریگەری خۆی بە تەواوی بگەیەنێت، ئەوەتا حەیدەر بابان دەڵێت:

پیشەی کۆن

ژینگەی پیس بۆ منالآن

دەبێتە بەلآی سالآن

وەکو هەژاری وایە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

ژانی ئەو لە بن نایە (بابان، ۲۰۰۰، ل۲۰)

ئەگەر سەرنج لەم دو دێرە شیعرە بدەین، لەسەر کێشی خۆمالی حەوت بڕگەیی دامەزراوە دێری یەکەم ڕەویەکەی بەپیتی (لا)م دروستکراوە بەدو پیتی (ان)یش پاشڕەوی سەرواکەی بەهێزکراوە دێری دوەمیش ڕەوییەکەی پیتی (ای) لەدوای ئەویش دو پیتی (ی) و (ە) کە پاش ڕەویە نە سەروایەکە یان بەهێزکردوە، بەم هۆیەوە شیعرەکە کێش و سەروای ڕێکەو خۆش دەخوێندرێتەوە و خۆش لەبەردەکرێت، بەڵام ئەگەر سەرنج لەم هۆنراوەی خوارەوە بدەین:

گوڵەباغ

بەهار هەنگاوی ناوە

نەمامەکەم ڕوواوە ..

چرۆو گەڵای سەوز دیارن

خونچەو گوڵی نازدارن (حسێن، ۱۹۹۷، ل٤)

دێری یەکەم کێش و سەروای ڕێکە لەسەر حەوت بڕگە دامەزراوە، بەڵام دێری دوەم ژمارەی بڕگەکانی بۆتە هەشت بڕگە ئەمەش وای کردوە کاتێک منداڵ لەگەڵ دێری یەکەم قورگی خۆی ڕادێنی بۆ خوێندنەوەی شیعرەکە لەدێری دوەمدا ناتوانێت بەهەمان شەپۆلی دەنگی کە دێری یەکەمی خوێندەوە دێری دوەمیش بخوێنێتەوە ئەمەش نارەحەتی دروستدەکات و هۆنراوەکە جوانی خۆی لە دەست دەدات، کە ئیتر پەیامەکەی چەند بە هێزیش بێت وەکو پێویست ئەنجامی نابێت، چونکە شیعرەکە ناکرێ لەبەربکرێ بەم شێوەیە.

## تەوەری دوەم: زمان

زمان ئامرازێکە لە ئامرازەکانی گەیاندن، لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە، بە هۆی زمانەوە دەتوانین هەست و نەست و بۆچونەکانمان دەرببڕین، زانیاریەکانمان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوازینەوە، زمان تاکە ئامرازێکە کە مرۆڤ لە بونەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە، لەسەر زەوی، چونکە تەنها مرۆڤ دەتوانێت قسە بکات و باس لە داهاتو ڕابوردوی خۆی بکات زمان هەمیشە لە گۆڕاندایە، ((زمان وەکو بونەوەرێکی زیندو دوارۆژ و شارستانیەتی مرۆڤ و کەلتورەکەی بەرەو پێش دەبات، جەمسەری پەیوەندییەکانی ژیانیش بەیەکەوە دەبەستێتەوە))(مەولود، ۲۰۰٤، ل۱۳۱).

زمان هۆیەکە بۆ مانەوەی نەتەوە و ناسنامەی نەتەوە، بەبڕبڕەی دەقی ئەدەبی دادەنرێت، زمان لە ئەدەب و بەتایبەتیش لە شیعر تایبەتمەندی خۆی هەیە کەواتە ((زمان ڕەگەزێکی سەرەکی و بگرە پتەوترین ڕەگەزی بونە نەتەوەیە و، کەرەسەکی شاعیرانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتی شیعر و هەست و نەستی ناوەوەیان،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

شاعیران بایەخێكی زۆریان بە زمان داوە، چونكە شیعر زمانێكە مەجازی و چڕ و خەست و پتەوی گەرەكە چ لە بایەخدان بە زمانی پەتی نوسین و چ لە پیاهەڵدانی زمانی نەتەوایەتی))(طه، ٢٠٠٢، ل٨٢).

ئەو زمانەی كە ئێمە مەبەستمانە تیشكی بخەینە سەر بەكارهێنانی زمانە لە شیعری منداڵان، ئەو وشە و زاراوانەی كە شاعیر لە نوسینی شیعری منداڵان بەكاریدەهێنێت، پێویستە بەشێك بێت لە فەرهەنگی زمانی منداڵ، زمانەكە هاوشێوەی زمانی ڕۆژانەی منداڵ بێت، بەڵام دەبێت بە شێوەیەكی هونەری دابڕێژێت، كەواتە ((مەبەست لە زمانی شیعری منداڵانیش ئەو وشەو ڕستەو دارشتنەیە كە نوسەر لە نوسینی شیعری منداڵدا بەكاریدێنێ كە پێویستە منداڵ لێیتێبگات و حەزی لێبكات و واتاكەی كاریگەربێ)) (مه حمود، ٢٠٠٤، ل٤٨) كە منداڵیش هەر لەسەرەتای دەستپێكردنی بەقسەكردن ئەو وشە و زاراوانە بەكاردەهێنێت، كە ڕۆژانە لە دەوروبەرەكەی گوێی لێدەبێت، سەرەتا فێربونی زمان لای منداڵ بە دەنگ دەست پێدەكات، ئینجا وردەوردە وشە و زاراوەكانی دەوروبەری دوبارەدەكاتەوە، بەڵام وەكو خۆی نا، هەندێك پیتی بۆ زیاددەكات یان لێی كەم دەكات. منداڵ بە چەند قۆناغێكی گەشەدا دەڕوات، هەر قۆناغێكیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، منداڵ سەرەتا ئەو وشانە فێردەبێت، كە بەر هەستەوەرەكانی دەكەون، وەك دایە و بابە و نان و ...هتد، بەڵام وشەو زاراوە مەعنەوییەكان وەك خۆشەویستی و ڕق لێبونەوە ...هتد درەنگتر فێردەبێت. چونكە ئە و جۆرە هەستە درەنگتر لای منداڵ دروست دەبێت، جیاوازی لە نێوان منداڵەكانیش هەیە، لەگۆكردن و فێربونی وشەكان.

(د. عبدالفتاح ابو معال) لە كتێبی (ادب الاطفال) لاپەڕە (٢٤) بەم شێوەیە باسی ئەم هۆكارانە دەكات، كە كاردەكاتە سەر گەشەی زمان لای منداڵ:

### ١-زیرەكی:

لێكۆڵینەوەكان دەریان خستوە و ئەو منداڵانەی كەوا لەڕوی عەقڵییەوە كەموكورتیان هەیەو دواكەوتون لە قسەكردندا لەچاو منداڵی زیرەك خاوترن و درەنگتر فێری قسە دەبن، لە بەكارهێنانی وشەو ڕستە و پێكهاتەكانیش توانایان كەمترە، كەمتر وشەكان سەرنجی ڕادەكێشێت، تاوەكو دوبارەیان بكاتەوە.

### ٢-ژینگەی ماڵەوە:

ئەو منداڵانە بەختەوەرن، كە هەڵیان بۆ بەكارهێنانی شارەزاییە جۆراوجۆرەكانیان بۆ دەڕەخسێت، ئینجا هەر لەساڵی یەكەمیان بوێردەبن لە قسەكردن، ژینگە هۆكارێكی سەرەكییە بۆ ئەوەی منداڵێكی تەندروست پەروەردە بكەیت لە هەمو ڕویەكەوە، هەروەها منداڵی تر هەن كە لە ژینگەی وشك پەروەردە دەبن، كە هیچ شوێنەوارێ یان وێنە یان یاری...هتد تێدانییە، دەبێتە هۆكارێك بۆ ئەوەی منداڵ نەتوانێت گوزارشت لە ئارەزوەكانی بكات، جا هەر لە سەرەتاوە گەشەی زمانیان قەتیس دەبێت. كەواتە گەشەی زمان پەیوەندی بەگەشەسەندنی عەقڵییەوە هەیە و هەروەها بەپلەی دوەمیش بەو ژینگە هەیەكە تێیدا پەروەردە دەبێت. (بان ماكارۆفسكی) لەوتارێك بەناونیشانی ((زمانی پێوەر و زمانی شیعر)) و بەم شێوەیە پێناسەی زمانی شیعر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

دەکات و دەڵێت: ((زمانی شیعر تەنیا چەشنێک لە زمانی پێوەر نییە، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆیە کە تایبەتمەندی بەخۆی هەیە و زمانێکە بەوزە و هێزی تایبەتەوە، سەرەڕای ئەوەش زمانی شیعر پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ زمانی پێوەر هەیە، چونکە زمانی پێوەر چوارچێوەیەکە، کە زمانی شیعر لەسەر بناغەی ئەو زەق دەبێتەوە))(پور، ٢٠٠٣، ل٥٠).

## تەوەری سێیەم: خەیاڵ

خەیاڵ یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەدەب، هەمو دەقێکی ئەدەبی نابێت لە خەیاڵ بەدەر بێت خەیاڵ هۆکارێکە بۆجیاکردنەوەی دەقی ئەدەبی لە دەقی زانستی و قسەی ڕۆژانەی خەڵک، هەر خەیاڵە ((دەتوانێت بابەتەکان ڕەنگاوڕەنگ بکات و ڕەنگ و سیمای جوانیان پێ ببەخشێت ولەجێ خۆیان بەرزیان بکاتەوە و باڵیان بۆ برسکێنێت و بیگەیەنێتە حەفت تەبەقەی ئاسمان، شتی مردو زیندو بکاتەوە و ڕوحێکی ئەفسوناویان پێ ببەخشێت و بیفڕێنێت بۆ ئەو دیوی عەقڵ و سەرسامی و چێژو گەرم و گوڕی بە خوێنەری دەق بدات، خەیاڵ ئەو بەرگە ڕون و تەنک و ناسکانە بۆ پەڕی شیعر دەدورێت، هەر خەیاڵە ئەم هەمو جوانکاری و بەرزەفڕینە بە پەڕی شیعر دەبەخشێت))(عیسی، ٢٠٠٩، ل٥٢).

هەر خەیاڵە دەبێتە هۆی دروستبونی بەرهەمە ئەدەبیەکان یان ژانرە ئەدەبیەکان، مرۆڤی بلیمەت بەهۆی خەیاڵەوە لە مرۆڤی ئاسایی جیادەکرێتەوە، چونکە ئەو مرۆڤانەی کە خەیاڵیان فراوانە دەتوانێت جیهانێکی نوێ بۆ خۆی دروست بکات جیاواز لەو جیهانەی کە تییایدا دەژیت، جیهانێک کە هەمو حەزو ئارەزوە بەدینەهێنراوەکانی خوی تێدا بەرجەستە بکات.

زۆرجار خەیاڵ لە کاتی باسکردنی کەسێک بەکاردێت و دەڵێن: ((فلان کەس خەیاڵی فراوانە، مەبەستیان یەکێکە لەو دو مانایە:

یەکەم: ئەرێنییە: سودی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم مرۆڤە شتی نائاسایی وێنە دەکات، دوەم نەرێنییە: سودی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم مرۆڤە دورە لە واقیعەوە))(الفیصل، ١٩٩٨، ل٤٧).

ئادەمیزاد لە ژیانیدا بە دو شێوە خەیاڵ دەکات، ئەرێنی و نەرێنی، خەیاڵی ئەرێنی ئەو کەسە دەکات بە کەسێکی بلیمەت و داهێنەر، خەیاڵی نەرێنی مرۆڤ بەرەوە نائارامی وشڵەژانی دەرونی دەبات، کە دورە لە واقیعەوە، تاک توشی سەرلێشێوان و ماندوبون دەکات. مرۆڤەکان لەڕوی هێزی خەیاڵەوە لە یەکتری جیاوازن. خەیاڵ ((ئەو توانایەیە کە عەقڵ بە هۆیەوە دەتوانێت وێنەی شتەکان یان کەسەکان یان دیمەنەکانی بون بکێشێت))(الفیصل، ١٩٩٨، ل٤٨). کەواتە خەیاڵ هێزێکە لە هێزەکانی عەقڵ ئەو هێزە عەقڵیەش سێ کاری هەیە ((١-وێناکردنی داهاتو، ٢-تێگەیشتنی زانستە نادیارەکان ٣-دەرچون لە چوارچێوەی ڕاستییە ئاساییەکان و داهێنانی ئەوەی هاوشێوەی ڕاستی نزیکە لە ناڕاستی))(عبدالمعید خان، ١٩٣٧،ل٢٢). دەتوانین بڵێین خەیاڵ ((خستنەڕوی بیر و وێنەکان و دوبارەکردنەوەی ڕێکخستنیان و پێکەوەنانیانە بۆ دروستکردنی چەندین نمونە یان بنیاتنانێکی نوێ))(عبدالله،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

٢٠١٦، ل٢٢١). لە کتێبی (**تحليل النص الادبی بين النظرية و التطبيق**) لە لاپەرە (٣٠-٣١) بەم شێوەیە باسی سودەکانی خەیاڵ دەکات:

١-خەیاڵ هۆکارێکە بۆ وێناکردنی سۆز.

٢-خەیاڵ هێزو جوانی بە سۆز دەبەخشێ و خۆشەویستی دەکات لەلای خوێنەر بەچێژو خۆش بێت.

٣-ڕەخنەگر پێویستی بە خەیاڵە تا لەو بارودۆخە بژی کە ئەدەبی پێداتێپەریوە.

٤-خەیاڵی زانستی یارمەتیدەرە بۆ چونە جیهانی دور لە کات و شوێن.

٥-خەیاڵ دەبێتە مایەی هەڵچون و هەست و سۆز لای خوێنەر.

٦-خەیاڵ یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ وێناکردنی ڕاستییە نەگۆڕەکان بە جۆرێک کە نزیکی بکاتەوە لە تێگەیشتن.

٧-خەیاڵ سودی هەیە بۆ جوانی وێناکردنی سروشت، شاعیر هەندێک لایەنی جوانی دەدۆزێتەوە، کە لەوانەیە خوێنەری ئاسایی لێ ئاگادارنەبێتەوە.

٨-شیعر بەگشتی ڕاگری وێنەیە ئەگەر خەیاڵیشی تێدانەبو ئەوا نزیک دەبێت لە شیعری فێرکاری.

٩-خەیاڵ یارمەتی وێنە دەدات لەسەر هێنانەکایەی مانای داهێنراو لەناخی شاعیر و ئاماژە بە وردەکاری زیاتر لە لای وەرگر و ڕەخنەگر دەکات.

١٠-خەیاڵ شێواز لە دەقی ئەدەبیدا نوێ دەکاتەوەو بێزاری لەناخی خوێنەر دوردەخاتەوە.

خەیاڵ ڕۆڵێکی گرنگ لە بنیاتنانی شیعر دەبینێت، بنەمایەکە لە بنەما سەرەکیەکانی بەرهەمهێنانی شیعر، کەواتە ((ئەگەر خەیاڵیش ئەرکی تەخشان و پەخشان و ڕێکخستنی شیعر نەگرێتە ئەستۆی خۆی ئەوا شیعر زۆر کلۆل و زەلیل دەبێت))(عیسی، ٢٠٠٩، ل٥٦). شیعری منداڵانیش هاوشێوەی شیعری گەوران لە خەیاڵ بەدەر نییە، شیعری منداڵان دەبێت بە گوێرەی تەمەنی ئەو منداڵەی کە شیعرەکەی ئاڕاستە دەکرێت، خەیاڵەکەی تێدا بەرجەستە بکرێت، خەیاڵیش بەگوێرەی تەمەنی منداڵ بەم شێوەیە دابەش دەبێت:

### ١-قۆناغی خەیاڵی واقیعیەت و خەیاڵی دیاریکراو(٣-٥) ساڵ:

((خەیاڵی منداڵ لەو قۆناغەدا تیژە بەڵام بەپێی ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی دیاریکراوە)) (الهيتی، ١٩٩٨، ل٨٠). وەکو منداڵ لەو تەمەنە وا بە خەیاڵی دێت کە باوکی بە هەمان شێوەی ئەو باوکی دایکیەتی واتە وا لێکدەداتەوە لە ماڵەوە هەموویان یەک باوکیان هەیە.

### ٢-قۆناغی خەیاڵی مەنتیق(٦-٨) ساڵ:

((خەیاڵی منداڵ لەو قۆناغەدا داهێنەری یان پێکهاتەیە بۆ ئامانجێکی پراکتیکی ئاراستەکراو، لەم قۆناغەدا منداڵ بە خێرایی گەشەکردنی خەیاڵی و تۆکمەیی (پتەوی) ڕوانینەکانی بۆ ئاسۆیەکی دور جیادەکرێتەوە))(الهيتی،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

١٩٩٨، ل٨٢). واتە خەیاڵەکانی لە چوارچێوەی ئەو ژینگەیە دەردەچێت، کە لێی دەژیت، بۆ نمونە فڕینی فرۆکە لە ئاسمان وا هەست دەکات کە هاوشێوەی باڵندەیە لە ئاسمان دەفڕێت.

### ٣-قۆناغی ئازایەتی (٨-١٢) ساڵ:

((لەم قۆناغەدا منداڵ لە قۆناغی واقیعی و خەیاڵی دەچێتە قوناغێکی نزیکتر لە واقیع، لە خەیاڵی کۆکراوە دوردەکەوێتەوە و گرنگی بە ڕاستییەکان دەدات و ئارەزوی بۆ ئەو یاریانەی کە پێویستی بە ئازایەتی و کێبرکێی زۆردەبێت، هەندێک جۆرە ڕەوشتیش لەسەر منداڵ بە دیاردەکەوێت، کە بەڕنگاربونەوە بۆ خێزان و هەندێک لە نەریتی کۆمەڵگای تێدایە))(الهیتی، ١٩٩٨، ل٨٤). واتە منداڵ زیاتر لە واقیع نزیکدەبێتەوە و زۆرجار بەرەنگاری ئەو یاساو دابونەریتانە دەبێتەوە، کە لەلایەن خێزان و کۆمەڵگا بەسەریدا دەسەپێنرێت.

### ٤-قۆناغی نمونەیی(١٢-١٥) ساڵ:

((لەم قۆناغەدا منداڵ لە جێگیربونی سۆزی ڕێژەیی دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغێکی زۆر هەستیار و ورد کە ئارەزوی ئەو چیرۆکانە دەکات کە سەرکێشی تێکەڵ بە سۆزبوە و ڕاستەقینەی تێدا گوازراوەتەوە و نمونەی تێدا زیادبوە))(الهیتی، ١٩٩٨، ل٨٣). منداڵ لەم قۆناغەدا ئارەزوی سەرکێشی دەکات و بۆ نمونە لەو تەمەنە ئارەزوی لێخورینی ئوتۆمبێل دەکەن. بۆ نمونە:

فریشتەی باران

ئەی فریشتەی باران وەرە

ئێمەش لەگەڵ خۆتا بەرە

ئێمەی منداڵ وا حەز دەکەین

لەگەڵ تۆدا بفرین بڕۆین

بفڕین بەرەو ناخی ئاسمان

وەک باڵندە وەک کۆترەکان

ئەی فریشتە فریشتەی جوان

بمان بەرە سەر هەورەکان

لەگەڵ هەور یاری دەکەین

بووکە بە بارانێ دەکەین

تاوکە باران تێر دەباری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

پاشان بمان هێنە خوارێ (ئەحمد، ٢٠٠٠، ل٧)

لەم شیعرەدا خەیاڵی منداڵ بۆ ئەمە پەروەردە دەكرێت، كە هەر تەنیا لەم زەمینەی خۆیدا گۆشەگیرنەبێ و خەونی بەرەو ئەستێرەكانی بۆ دروست بێ و ئەمەش لە خۆیدا بەهایەكی گرنگی ژیانە كەوا لە منداڵ دەكات خەیاڵی فراوان بێ و ئەو خەونانەی هەیەتی یان بۆی دروست دەبێت بتوانێ لە ڕێگەی خەیاڵەوە مامەڵەیەكی جوانیان لەگەڵ بكات، چونكە لە ئایندەدا هەر ئەو خەیاڵانەن كە ژیانی منداڵەكە بەرەو پێش دەبەن.

### تەوەری چوارەم: سۆز

سۆز ڕەگەزێكە لە ڕەگەزەكانی دەقی ئەدەبی، دەقیش بەبێ سۆز ناگاتە هەست و سۆزی گوێگر و خوێنەرەكان. كەواتە ((سۆزحاڵەتێكی شعوریە(هەستییە) لەناخی مرۆڤدا لە ئەنجامی هەڵچونیدا بە هۆی بینین یان بیستنی ڕوداوێك یان دیمەنێك كە كاری تێبكات، كە ئەمەش لەگەڵ عەقڵ بەرامبەر دەبێت و بەڵام لەگەڵیدا كۆك نابێت، جا ئەوەی عەقڵ دەیبینێت جیایە لەوەی سۆز ئارەزوی دەكات))(التونجی، ١٩٩٩، ل ٦١٢). سۆز هەستێكە لە ناخە مرۆڤدا هەڵدەقوڵێت و، بۆ گوزارشتكردن لە دەرونی مرۆڤ. هەروەها ((لێدانی دڵ و دەمارەكانی لەشی ئادەمیزاد بە گوێرەی چەشنی سۆزو هەڵچون دەگۆرێت، ئەگەر هاتو سۆز ئاكامی ڕوداوێكی خۆشی و كامەرانی بەخشندە بو ئەوا لێدانی دڵ خێراو یەك بەداوییەكدا دەبێت، بەڵام ئەگەر هاتو سۆزەكە ماتەمینی و خەفەتباربو لێدانەكە سست و خاو و لەسەرخۆ دەبێت)(البصیر، ١٩٨٣، ل١٩٣).

سۆز پەیوەستە بە دەرونی مرۆڤ لە زانستی دەرونیدا بەم شێوەیە پێناسەی سۆزكراوە ((سۆز دیاردەیەكی ویژدانی و دەرونییە لە هەست و نەستی خاوەنەكەیەوە لەبەر چەند هۆیەكی ماددی و بیری و هەڵچونی، شەپۆل دەدا و هەمو بون و قەوارەیەك دەگرێتەوە لە ڕەنگ و دەنگ و بزوتنەوەی لەشدا خۆی دەنوێنێت))(البصیر، ١٩٨٣، ل١٧٢).

هەروەها ((ویژدانیش لایەنی هەستی دەرونیە و ئارامگەی خۆشی و ئێش و ئازارە، بە هەمو هیوایەكانمان و ئێشەكانمان و خۆشی و ناخۆشییەكانمان سەرچاوەی ویژدانە))(عتیق، ١٩٧٢، ل٩٧). ویژدان كانگای هەستەكان و سۆز و پاڵنەرەكان و خۆشیەكان و ناخۆشیەكان ...هتد ویژدان دو جۆری هەیە: ((١-ویژدانی تاكە كەسی: ئەوە پەیوەندی بە تاكە كەسەوە هەیە و لە دەوری حەز و ئارەزوە تایبەتییەكان دەخولێتەوە، وەك خۆشەویستی خود و تورەیی و حەزی خاوەنداریەتی و شانازی بەخۆكردن. ٢-ویژدانی كۆمەڵایەتی: ئەوە كە پەیوەستە بە كۆمەڵگە و كاروبارەكانی. جەخت لەسەر پەیوەندی مرۆڤ بەكەسانی ترەوە دەكاتەوە و، وەك خۆشەویستی و ڕق و قینە و ڕێز و سۆز و هاوڕێیەتی كێبڕكێ و نیشتمانپەروەری))(عتیق، ١٩٧٢، ل٩٨).

كەواتە سۆز لایەنێكە لە لایەنەكانی ویژدان، ئەگەر لە ویژدانی تاكە كەسی دروست بێت پێیدەڵێن سۆزی تاكە كەسی، ئەگەر لە ویژدانی كۆمەڵایەتییەوە دروست بێت، ئەوا دەبێتە سۆزی كۆمەڵایەتی، سۆز و ئەدەب


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

دوانەی لێکدانەبراون ((سۆز بۆ بەرهەمی ئەدەبی وەک بۆنێکی خۆش چواردەوری خۆی بۆندار دەکات یان وەک ئاوێکی سازگاری بێگەرد ژیان لەوێ سەرچاوە دەکرێت)) (عتیق، ١٩٧٢، ل١٠٦).

کاریگەری سۆز پەیوەست بەڕادەی هەستیاری نوسەر لە کاتی هۆنینەوەی بەرهەمی ئەدەبی، تاوەکو بتوانێت کار لە هەستی خوێنەر یان گوێگر بکات، بیروژێنێت.

ڕادەی کاریگەری سۆز پەیوەستە بەو شێوازەی کە نوسەر بەکاریدەهێنێت بۆ دەربڕینی سۆزەکەی ((گەیاندنی بیرۆکە دەگەڕێتەوە بۆ شێواز و لێهاتوی لە ڕەوانبێژی و ڕادەی کارتێکردنی، بەڵام گەیاندنی سۆز دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی سەرکەوتنی ئەدیب لە دەربڕینی سۆزدا، یان دەربڕینی بەو ئەندازەیەی کە لەڕوی هێز و گڕوتینەوە بێ کەم و زیاد هەستی پێدەکات))(عتیق، ١٩٧٢، ل١١٢). بۆ نمونە:

کوڕی کورد

منداڵ و کوڕی کوردم  باوکیان لێ شەهید کردم
باوکم زۆر میهرەبان بوو  عاشقی کوردستان بوو
چاو نەترس و دلێر بوو  ئەو پێشمەرگە بوو شێر بوو
خۆی و تفەنگی دەستی  دەجەنگا بۆ مەبەستی
لە بۆ سەربەرزی وڵات  گیانی خۆی کردە خەڵات
دایک و خوشکم ئەنفالن  هەمیشە لە خەیاڵن
لە دەروون و مێشک و دڵ  هەڵم گرتوون وەک و گوڵ
ئەو کاتەی کە دڵشادم  ئەوانن وا لە یادم  (کاوانی، ٢٠٠٠، ل١٤)

ئەم شیعرە سۆزێکی بەتینی تێدایە، چونکە چیرۆکێکی تراژیدی دەگێڕێتەوە، ئەم چیرۆکە تراژیدییە وادەکات خۆشەویستی هاوسۆزبێت لەگەڵ ئەم منداڵە بە تایبەتی منداڵ کە دەیخوێنێتەوە سۆزی مرۆڤایەتیان تێدا دەجولێ وای لێدەکات هەست بە ئێش و ئازارەکانی خوشک و برایەکانی تریشی بکات. بەڵام ئەگەر بێت و ئەم چیرۆکە بەم سۆزە ناخ سوتێنە نە نوسرایە بەوەش باسی لەوە بکربایە کە لەوێ کەسێک کوژراوە، ئەودێرانەی تری لەگەڵ نەبوایە کە سۆز و بەزەیی بۆ چیرۆکەکە بۆ کارەکتەری سەرەکی ناو چیرۆکەکە کە منداڵەکەیە دروست نەکردبایە، شیعرەکە ئەم کاریگەرییەی نەدەبو. هەروەها لە شیعری بەبە:

لایە، لایە بەبە گیان،
بەبەی جوانی خان و مان
بۆیە نازمان شێواوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

ئێمە دایکمان نەماوە

منیش وەک تۆ مندالْم

ئەم بەهارە چوار سالْم

بنوو بۆ خەوی شادی

بۆ ژیانی ئازادی

لایە، لایە، بەبە گیان

بەبەی جوانی خان و مان (قەرەداغی، ١٩٩٣، ل٧)

ئەم شییعرە سۆزێکی بەتینی تێدایە، چونکە باس لە دەستدانی خۆشەویسترین کەسی مندالْ دەکات کە دایکە. لە دوای لە دەستدانی دایک مندالْ ڕووبەڕوی سەر لێشێواوی و بێ نازی ئێش و ئازارەکانی ژیان دەبێتەوە، چونکە دایک کۆلەگەی ژیانە بۆ مندالْ و مالْ، هاوشانی باوک هەوڵدەدات هەمو خۆشییەکانی ژیان بۆ مندالْ دەستەبەر بکات.

## تەوەری پێنجەم:حەماسەت

حەماسەت یەکێکە لە ڕەگەزەکانی پێکهێنەری شیعر، حەماسەت لەڕوی زاراوە ((ئەو شیعرە تایبەتیەیە بابەتەکانی شەڕ و ئازایەتی هانی لایەنی شەڕکەر دەدات، ئەو لایەنەی هی ئاخێوەرە بۆ ئەوەی زیاتر و ئازایانەتر بجەنگێ))( Mawsoa school . net).

دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی شیعری حەماسی بکەین و بلْێین ((شیعری حەماسەت، بە شێوەیەکی سەرەکی وەسفی قارەمانیەکانی دەکات و بە پالْەوانەکان هەلْدەدات و هەرەشە و پەیمانی دوبارە تۆلْەکردنەوە لە دوژمنان دەکات))(Bac letter 2013 , Eloula).

کەواتە شیعری حەماسی ئەو شیعرەیە کە هانی پالْەوانەکانی دەدات، تۆلْە لە دوژمنەکانیان بکەنەوە. حەماسەت لە جیهانی مندالاْن بۆ خۆشەویستی و ئەو یاریانەی کە مولْکی خۆیەتی وەکو بوکەشوشە و ئۆتۆمبیل و...هتد خۆی دەبینێتەوە. حەماسەت بەو بەهایەی هەیەتی بۆ بە نرخ بینینی شتەکان گرینگی تایبەتی هەیە لەنێو شیعری مندالاْندا چونکە شتە باشەکانیان لەلا جوان و شیرین و خۆشەویست دەکات حەماسەت ئەوەیان تێدا دروست دەکات کە ئەم شتە جوان و باشانەیان زۆر خۆشبوێ و بەباشی بیانپارێزێ، (کازم کۆیی) لە هۆنراوەی (بووکە شووشەکەم) دەلْێت:

بووکە شووشەکەم

بووکە شووشە جوانەکەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

بە خێربێی میوانەکەم

تۆم خۆش دەوێ پڕ بە دڵ

ڕوومەت سووری خونچە گوڵ

ئەی چاو گەشی ڕەزا سووک

ئەی ڕازاوە چەشنی بووک

ماڵی خۆتە ئەم ماڵە

جێ ی یاری و گڕوگاڵە

هەمیشە ڕێزت دەگرم

لانکی جوانت بۆ دەکرم (کازم، ١٩٩٨، ل٣٩)

ئەم شیعرەی بوکەشوشە کە یاری پێکراوی خۆشەویستی منداڵانە ئەوەندە جوان باسی دەکات وا لە منداڵ دەکات زۆری خۆش بوێ و زۆر گرنگی پێبدات ئەم حەماسەتە وای لێدەکات تەمەنی ئەو یاری پێکراوەی لەلا درێژبێتەوە و چێژی لێوەربگرێ و بەزوی نەیشکێنێت. ئەمەش بەهایەکی تری ژیانە بۆ ئایندەش منداڵ لەسەر بیری پارێزگاریکردن لە شتەکانی پەروەردەی دەکات.

(ع .ع. شەونم) لە هۆنراوەی (**ڕەگەزو ناوم ناگۆرم**) باس لە خۆشەویستی نیشتمان دەکات کە لای منداڵ هەست بەبونی دەکرێت و دەڵێت:

ڕەگەزو ناوم ناگۆرم

لە دارو بەرد، لە گیاندارو، لە سەوزایی

هەریەکە ناوی خۆی هەیە بە ئاسایی

منیش خێزانەکەم ناوێکی لێناوم

خۆم و ڕەگەزم بەو ناوە ناسراوم

کە چی دوژمن بە زەبری هێزو دەسەلات

کەوتۆتە گۆرینی ناوی خۆم و ولات

کە هات و توانای ناوەکەم بکا بە خۆی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

ئەوسا هەرچیم هەیەو نییە ڕەوایە بۆی

ڕەگەزی من ڕەگەزێکە پاک و ڕەسەن

نابێ بە ڕەگەزی ناپاک و ناپەسەند

مافی مرۆڤ وەک و دەرمان بۆ نەخۆشان

وەک و نەورۆزی دوابەدوای سەهۆل بەندان

دەستم بگرە لە دوژمنان ڕزگارم کە

وەک فەرمووتە ڕەگەز ناگۆڕم چارەم کە

ناو ناگۆڕم ناویش نیشانەی مانمە

یەکەم خەلاتی باب و باپیرانمە (شەونم، ٢٠٠١، ل٥)

ئەم شیعرە باس لەو هەستە نیشتمانپەروەرییە دەکات، کە لەلایەن مندالانی کورد هەست پێدەکرێت. میللەتی کورد هەر لە دێرەزەمانەوە مێژویەکی خوێناوی و ژێردەستی هەیە، مندالّی کوردیش لەو ئازارە بێبەش نەبوە، هەمیشە هەولّی ئەوەی داوە کە بەرگری لە نیشتمانەکەی بکات، ئەگەر تەنها بە وشەیەکیش بێت. لەم هۆنراوەیەدا مندالانی کورد داوا لە مافی مرۆڤ دەکەن، کە پارێزگاریان لێبکات و لە دوژمنان بیانپارێزێت، چونکە سورن لەسەر ڕەگەزو کوردبونی خۆیان کە بە میرات لە باب و باپیرانیان ئەو هەستە بۆیان ماوەتەوە.

## تەوەری شەشەم: بیر

بیریش یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی شیعر، شاعیر دەیەوێت لە ڕێگای شیعرەوە ئەو بیر و بۆچونانەی کە هەیەتی دەربارەی ژیان و دیاردەکان و ...هتد دەری ببڕێت.

((بیر: ئەو بیروباوەڕەیە کە نوسەر دەیەوێ بیگەیەنێتە خوێنەر ئەمەشیان یەکەم بنەڕەتی هونەری ڕازی کردنە))(ڕەسول، ١٩٨٩، ل١١). بۆ نمونە لە شیعری (من و پەپولە)

من و پەپولە

ئەی پەپولەی ڕازاوە بالّەکانت نەخشاوە

خۆشم ئەوێی هەمیشە تۆزێ لە لام بنیشە (بابان، ٢٠٠٠، ل ٦)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

بیری ئەم شیعرە خۆشەویستکردنی پەپولەیە لەلای منداڵان، بەو واقیعەی کە هەیەتی بۆ جوانکردنی سروشت و دڵخۆشکردنی هەموان و بەتایبەت منداڵان خولْقاوە، ئەم بیرە بۆ منداڵ بیرێکی لەجێیە کە منداڵ شتەکانی دەوروبەری خۆی خۆشبوێت و ئازاری نەدات، بەڵام لە شیعری (ئێمە):

ئێمە

ئێمە ڕۆڵەی ئەم گەلەین

خاکی خۆمان خۆش ئەوێ

بۆ پێش کەوتن پەرۆشین

سەربەرزی گەلمان ئەوێ

هەنگاوی خێرا ئەنێین

با وڵاتمان پێشکەوێ

بنیاتی خەبات ئەنێین

تا ئاڵامان نەنەوێ

تێکرا هەمووومان ئەڵێن

گشت ئازادیمان ئەوێ (ئاڵانی، ١٩٩٦، ل٩)

بیری ئەم شیعرە باسی کۆمەڵێک چەمکی سیاسی وەکو (ڕۆڵەی گەل) و (خۆشەویستی خاک) و (پێش کەوتن) و (سەربەرزی) و (گەل) و (نەکەوتنی ئاڵا) و (ئازادی) هەمو ئەمانە لەخۆدەگرێت، کە هیچ یەک لەمانە پەیوەندییان بە جیهانی منداڵانەوە نییە، ئەمانە چەمکی سیاسین و جێی خۆیەتی لەناو ئەدەبی گەوران هەبێت، بەڵام ناکرێت منداڵ بەو بیرە سیاسیانە پەروەردەبکرێت، چونکە توشی خەم وناڕەحەتی دەرونی دەبێت و جوانی دونیای منداڵانی لێدەشێوێنێ. هەروەها لە شیعری (خاوێنی)شاعیر دەیەوێت لەڕێگای ئەم شیعرە باس لە پاکوخاوێنی وتەندروستی باش دەکات:

ئەو منداڵەی کە پاکە

تەندروستی زۆر چاکە

ئەو منداڵەی کە پیسە

هەردەم نەخۆش و سیسە

پاک و خاوێنی خۆشە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

مندالی پیس نەخۆشە (کۆیی، ١٩٩٨، ل٣١)

بیری ئەم شیعرە باسکردنی پاک و خاوێنییە بۆ منداڵ، بەشێوەیەکی زۆر جوان بە شیعر بۆ منداڵانی ڕونکردۆتەوە کە پیسی دەبێتە هۆی نەخۆشی دەردو ئازار، خاوێنیش دەبێتە هۆی بونی تەندروستییەکی باش.

## ئەنجام:

١-شیعری منداڵان دهبێت بە شێوازێکی سادە و ئاسان بنوسرێت دوربێت لە وشەی تەمومژاوی، بەپێچەوانەی شیعری گەوران، کە بە شێوازێکی بەرزی ئەدەبی دەنوسرێت، کەواتە شیعری منداڵان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە کە ناسکتر و ڕونتر و ئاسانترە بەبەراوردکردن لەگەڵ شیعری گەوران.

٢-شیعری منداڵان ئەوەنییە، کە بابەتی فیکری ئاڵۆز ئاڵۆز بە شێوەی ئاسان بۆ منداڵان بخاتەڕو، بەڵکو دەبێت بابەتی تایبەت بەجیهانی منداڵان بۆ منداڵان باس بکات.

٣-گرنگترین مەبەست لەشیعری منداڵان پەیامی پەروەردەیی ئەو شیعرانەیە، هەروەها چێژبەخشینە بەمنداڵ.

٤-دەبێت ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەدەب، هەمویان لەشیعری منداڵان بونیان هەبێت، نابێت بوترێت شیعری منداڵان، تەنها کێش و سەروای هەبێت دەبێتە شیعر، چونکە ئەوسا شیعرەکە پەیامە پەروەردەییەکەی خۆی ناگەیەنێ و جوانییەکی وای نابێت تاکو چێژببەخشێت.

٥-ئەو پەیامە پەروەردەیانە کە پێویستە بەمنداڵ بگەیەنرێت وا باشترە لەڕێگەی شیعرەوە بێت، چونکە منداڵ زیاتر حەز بەدەقی کێش و سەروادار دەکات.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

# The Basic Properties of Children's Poetry

**Hero Abdulrahman Mustafa[1] - Idrees Abdulla Mustafa[2]**

[1]Soil and Water Department, College of Agriculture Engineering Sciences, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Kurdish Department, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Children's poetry is an important reality between poetry and literary people specially in modern reign, by modern we mean twentieth century and so far. Poetry of children among Kurdish nation has an ancient history, like those lamenting of the mothers that were said to calm down their children. when poets and authors give importance to the children then sorts of poetries were written as a special style, idea, language, and passion. Poetry of children should be written brief with a clear language so that the poet can express his/her goal. We all know language is regarded as the core factor in human life, since it is a way we can speak about future and past by means of it , so idea through this word and these terms reaches reader that a poet or writer is using in his/her works. The poet in composing poetry of children use a wide imagination as children desire more imaginative things. Thus, children's poetry has unique style that is fragile, clearer and easier as compared to poetry for adults, following that particular magazines are devoted for children and poetry for children embraces several booklets and special books.

What are these children poetries? What are their specifications? In which way are they different from poetry for adults? What are the basic literature of these poetries? So, all of these are answered in this research.

**Keywords:** Poetry, Children, Poetry for Children, Bases of Poetry.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20**

## سەرچاوەکان:


ئاشنا، ئومێد، ٢٠٠٧، شێوە و ناوەڕۆک، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

ئەحمەد، ئەحمەد حوسێن، ١٩٩٧، ڕەنج، چاپی دوەم.

ئالانی، عەزیز، ١٩٩٦، باخچەی شادی، چاپی یەکەم.

ئەحمەد، نەوزاد عەلی، ٢٠٠٦، منداڵ و ئەدەب، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

البصیر، د. کامل حەسەن عەزیز، ١٩٨٣، ڕەخنەسازی مێژوو پەیڕەویکردن، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغداد.

بابان، حەیدەر صالح، ٢٠٠٠، خۆشەویستی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەمیشە، سلێمانی.

تەها، عبدالصمد سلام، ٢٠٠٢، ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا (١٩٣٢-١٩٤٣)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

ڕەسول، د . شوکریە، ١٩٨٩، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابیع تعلیم العالی، اربیل.

شوان، ڕەزا، ٢٠١٥، چاو پێخشانێک بە مێژووی ئەدەبی منداڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارو، کەرکوک.

عیسا، هاوژین صلیوە، ٢٠٠٩، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

عبداللە، د. ئیدریس، ٢٠١٦، فەرهەنگی ئەدەب و ڕۆشنبیری زاراوە و کەسایەتی، چاپی یەکەم، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.

فەرهادی، حەمە صالح، ٢٠١٣، منداڵ و ئەدەبی منداڵان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

قەرەداغی، لەتیف عارف، ١٩٩٣، چەپکە گوڵ

کەسنەزانی، بشری، ٢٠٠٧، پۆستەرە شیعری کوردی و هایکۆی ژاپۆنی

کۆیی، کازم، ١٩٩٨، گوڵزاری منداڵان، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر.

مەولود، د. عبداللە خدر، ٢٠٠٤، لێکۆڵینەوەیەک لە شیعری حەمدی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

مەحمود، فازل مەجید، ٢٠٠٤، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی.

هالبێرک، پیتەر، ٢٠١٠، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، و – ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

سالح، عومەر محەمەد، ٢٠٢١، ئەدەبی منداڵان لە دەڤەری ڕاپەڕیندا بەرهەمەکانی (زارا ئەحمەد جاف) بەنمونە، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلیژی پەروەردەی بنەرەت، بەشی کوردی ڕانیە .

ابومعال، عبدالفتاح، ٢٠٠٥ادب الاطفال و اساليب تربيتهم وتعليمهم وتثقيفهم ,الطبعة الاولي,دارالشروق للنشروالتوزيع,الاردن.

التونجی، د . محمد، ١٩٩٩، المعجم المفصل فی الادب، جزء الثانی، دار الکتب العلمیة، لبنان.

ذلط، د . احمد، ٢٠٠٥، فی الادب الطفل المعاصر (قظایها باتجاهاتة و نقدة، الطبعة الاولیة، هبة النیل العربیة للنشر و التوزیع، القاهرة.

شحاتة، د . حسن، ١٩٩٤، ادب الطفل العربیة (دراسات وبحوث) الطبعة الثانیة، دار المصریة اللبنانیة.

عبد المعید خان، د . محمد، ١٩٣٧، الاساطیر العربیة قبل الاسلام، مطبعة الحنة، قاهرة.

عتیق، د . عبدالعزیز، ١٩٧٢، فی النقد الادبی، الطبعتة الثانیة، دار النهظة العربیة، بیروت .




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20

عبدالفتاح، د . اسماعيل، ٢٠٠٠، ادب الاطفال فى العالم المعاصر، الطبعة الاولية، مكتبة الدار العربية للكتاب، قاهرة.

عبدالهادى، د . محمد، ٢٠٠٦، ادب الاطفال فى ضوء المنهج الاسلامى، مجلد البحوث والدراسات، عدد الثالث، جامعة محمد خيظربسكرة، جزائير.

الفيصل، د . سمر روحى، ١٩٩٨، ادب الاطفال و ثقافتة (قراءة نقدية)، من منشورات اتحاد الكتاب العرب.

المصرى، محمد عبدالغنى، مجد محمد الباكر البرازى، ٢٠٠٩، تحليل النص الادبية بين النظرية والتطبيق، مؤسسة الوراق للنشروالتوزيع، الاردن.

الهيتى، هادى نعمان، ١٩٧٧، ادب الاطفال (فلسفتة، فنونة، وسائة)، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

الهيتى، د . هادى نعمان، ١٩٩٨، ثقافة الاطفال، عالم المعريفة ١٢٣.

Oliver, Lee F. , 2007, Turning Children onto poetry . club press

https://www.amazon.com/Turning-Children-Poetry-Creative Experiment/dp/059518182/11/12/2020

Mawsoa. School.net

https://www.google.com/search?q=Mawsoa.+School.net/15/1/2021

Bac Letter, 2013, Eloula

https://www.google.com/search?q=Bac+Letter%2C+2013%2C+Eloula&sxsrf=ALeKk01__OZWjwNeG4JHgvpt6l8_UZr13A%3A1621975070712&ei=Hm/10/2/2021



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper20**